Rêkxirawî Xwêndkaranî sosyalistî Kurd le Ewrûpa
Socialist Organisation of the Kurdish Students in Europe (SOKSE)
Sozialistische Organisation Kurdischer Studenten in Europa (SOKSE)

## وەڵامێک بۆ کاک جەمال « نە » بەز... و بوختانەکانی !!!

چەند ناخۆشە بە ناچاری مامەڵە لەگەڵ لۆژیکێکی چەوت و عەقڵێکی شێوا و دەروونێکی ناساغ و دڵ و هەناوێکی پڕ لە کینەدا بکەیت . چ دژوار و ئەستەمە دانوساندن لەگەڵ مرۆیەکی بەرچاوتەنگی دوڕاودا بکەیت . چەند گوناح و زوڵمە کەسێ بیەوێت بەناوی راستی و خزمەت و مێژوو و چەمکی ئازادییەوە بپەیڤێت و بیان کاتە دەمامک ، لەکاتێکدا قسەی هەڵەت و پەڵەت و بوختان هەڵبەستن و راستی شێواندن جەوهەری مەسەلەکە بێت .

چەند ناهەموارە لە وەهم و خەیاڵدا بژیت و قسە وقسەلۆکی سەرتەنوور و کانی ژنان و بالۆرەی منداڵە وورتکە سەرچاوەی هەواڵ و زانست و مەعریفەت بێت و تۆش بە ناوی بابەتێتی و زانستییەوە بە میللەتی بفرۆشیتەوە . چەند تاوانە پیاو بە درۆ خۆی تەفرە بدات و راستییەکانی مێژووی نەتەوەکەی بەقازانجی سەرەکی خۆی ئاوەژوو بکاتەوە و هەوڵ بدات بە چەقۆی کول سەریان ببڕێ .

بەڵام کورد ووتەنی << کە ریش بوو بەریشەوە دەبێ شانەی بۆ هەڵگری >> دەنا هیچ دەرەتانێکی دیکە نەماوە بۆ خۆ دەربازکردن لەو لافاوی پۆخڵەواتەی هەڵی کردووە.

سەرەتا ئێمە بەهیچ جۆرێک بەم دیاردیە خۆشحاڵ نین و چاوەڕێی ئەم شاڵاو و پەلاماردانە بێویژدانانە و دوور لە بەرپرسیارانە نەبووین . بۆیە دەشێ بۆ ئەم هەڵویستەمان لێکدانەوەی ئەو پەندە کوردییەی دەڵێ < ئاوت لە کانییەک خواردەوە نابێ بەردی تێ فڕێ بدەیت > بێتەپێشەوە . ئەمە راستە ، لەمەش راستتر ئەوەیە کاتێ راستییەکان شێوێنران و تۆمەت ریزکرا و خودی سەرچاوەکە ئێلکرا ، ئاو لەو کانییە سیفەتی سروشتی خۆی لەدەست دەدات و کەڵکی خواردنەوەی نابێ . ئیدی راستییەکی گەورەتر لەو راستییە یەخە بەراستی دەگرێت و بەرۆکی ئێمەش رادەتەکێنێ .

رووی قسە لێرەدا لە کاک[ جەمالەدین تۆفیق ] ی ناسراو بە < جەمال نەبەز > یان < کلۆڵ > ە . ئەوانەی کەم تا کورتێ ئاگاداری بابەت و رەفتار و هەڵسوکەوتی کاک < جەمال > ن ، لەم دیاردە و کولتوورە ناشیرین و بۆگەنکردووە ئاگادارن و یەکەوڕاست دەیناسنەوە .

هۆکەشی ئەوەیە تەنها ئەوە ئەم پیشە نامۆبارەکەی واز لێنەهێناوە و خۆی لەم کەشوهەوایە رزگار ناکات . قەناعەتیش وایە ئەمە خودی جەوهەری راستەقینەی ئەو بەڕێزە پێک بهێنێت ، بۆیە ناتوانێ وا بە سانایی دەستبەرداری بێت . خووی شیری هەتا پیرییە !! .

سەرەتا دەمانەوێ بەراستییەکی مێژوویی گرنگ بچینە ناو باسەکەوە . دوای ئەوەی سۆکسە و پاسۆک لە ساڵی 1985 وە کاک جەماڵی لەماڵی خۆی جیاکردەوە ، بەحورمەتەوە رای گشتی کوردیمان ئاگادارکردەوە. هەمان کات بەڵێنیشماندا بەخۆمان لە چوارچێوەی بڕیاری کۆنفرانسی سوید دا ، هەتا ئەوپەڕی سنووری دامێنی گونجاو و دروست ، تا گۆشت خواردنیش ئێمە هەر بێدەنگی و خۆپارێزی بۆ کاروبار و هەڵویستەکانمان بەرانبەر بە ناوبراو هەڵبژێرین . هەر بۆ مێژوو تەنانەت ساتێ ناوبراو چەند قسەیەکی هەڵبزڕکاوی لە بەیانێکدا دژی هاوبیران بەناو بڵاوکردەوە ، هاوبیران ویستییان وەڵامی بدەنەوە حەمەی مستەفا ـ کاک ئازاد رازی نەبوو . ئەمەش دەقی ئەو بڕیارەیە (( کۆنفرانس بڕیاری دا کە کاک جەمال نەبەز هیچ پەیوەندییەکی بە رێکخراوەوە نەمێنێ و تا ئەو شوێنەش رێزی خۆی رابگرێت و بە پەرێزی رێکخراوماندا نەیەت ، رێکخراو و هاوبیران رێزی شەخسیی هەر دەپارێزن و هەقمان نییە لە هەر بوار و پەرێزێکدا چ دەکات و چ ناکات )) .

ئیدی لەوساتەوەختەوە ئێمە لەبەردەم شکۆی ئەو بەڵێن و رەوشتە بەرزەی کوردایەتیماندا ، دەست و پێ و زمان بەستراوبووین . زۆر هەناسەدرێژانە و سنگفراوانانە بەرانبەر بە فسکە فسک و قسەی ناماقوڵ و بوختان هەڵبەستن لێرەو لەوێ لەبۆنە و نابۆنەدا پەلامار دەدرێین ، هەر ددانمان بەخۆماندا گرت و بێدەنگ بووین ..

ئێستا کاتێ هەموو شتەکان پێچەوانەی بەها ونرخی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و کوردایەتی رەوت دەکەن و" سووک دەچێ بۆ ئاسمان و گورک پاسەوان و شوان ددانی لە گۆشت گیرە " بۆ چەندەمین جارە ئەو بەڕێزە پەلامارمان دەدات ، وا حزمەتی راستتە گەورەکە ! ئەرکێکی گرانی

سەرشانمانە و ناچارین بۆ تێهەڵچوونەوەی تای تەرازووی باسەکان لای خوێنەر و داماڵینی دەمامکی درۆ و دەلەسە وەڵام بدەینەوە . دیارە ئەوەی هەردوو لای خوێنەری ووشیار و بە ویژدان بە ئاگا جێی لێکدانەوە و هەڵهێنجاندنی راستیە و با جەماوەری کورد مێژوو تێیدا سەرپشکی ئەو کارە بن .

ئێمە .. نالێین و نەشماون ووتووە کەوا کاک ئازاد یان پاسۆک هەڵەیان نەبووە . کەسێ رۆڵەی نەتەوەی کوردی بن دەست بێ و لەو کوردستانە داگیرکراوەدا خەباتی سیاسی و چەکداری بکات و بە ئامانجی راگەیاندنی پەیامی ئازادی و یەکسانییەوە چووبێتە گۆڕەپانی کوردایەتییەوە و لە هەلومەرجێکدا خەبات بکات ، کە چەک سەرووی هەموو شەرەفەکانی تر کەوتبێتەوە و ململانێ و پێشبڕکێ بێ لەسەر ئەوەی کێ زیاتر چەپ و کۆمەنیست و وڵاتچێتی داگیرکەرانە ، وا هەڵەش دەکات .

دوا قۆناخی بوختان و قسەی هەنەت و پەڵەتی کاک جەمال لەو نامەیەدا دەخوێندرێتەوە کە گوایە بۆ هەڵسەنگاندنی 10 بەرگی [ لە بیرەوەرییەکانم ] ی کاک کەریمی حسامی خوالێخۆشبوو تەرخانکراوە و لە بەرگی 11 یدا بڵاوکراوەتەوە بەرچاو دەکەوێت .

سەرەتا کاک کەریم نەماوە تاوەکو ئێمە رووبەرووی هەندێ راستی بکەینەوە لەوانەی ئێمە دەیزانین و پێچەوانەکەی باس کراوە . بۆیەکا لەم رووەوە دەرگای هەر باسێک لەگەڵ ئەودا دادەخەین دەڵێین خوا لە گوناهی خۆش بێت !.

ئێمە بەم خاڵانە وەڵامی کاکەی سەرلێشێواوە دەدەینەوە .

- ڕێکخراوی < سۆکسە > هەر سەربڵند و سەرکەشە و بەردەوامە لەسەر خەبات و کاروباری خۆی خاوەنی بڵاوکراوە و کۆنفرانس و کۆنگرە و بەیان و بەڵاڤۆکە لە بۆنە و یادەکاندا . هەر هەموو ئەمانەش بە گەواهی هەموو لایەک ئەسەر ئەرکی گیرفانی هەژارانەی هاوبیران و دۆستان بووە هەتاوەکو ئێستا وهەرواش بەردەوام دەبێت . لە پەیڕەو پرۆگرامی سۆکسە ئاماژە بەوە کراوە کە خەباتمان بەشێکە لەخەباتی هاوبیرانمان لە کوردستاندا و ئەڵقەیەکی بەرچاوی سەرجەم بزاڤی کوردایەتییە . کاک ئازاد نەک ئاشبەتاڵی پێ نەکردووە وەک ناوبراو دەفەرمووێت ! بەڵکو کۆمەکی پێکرد تا راستە شەقامی خۆی بگرێتە بەر و لە ووشکە وورێنە و خەیاڵبازی و دۆگماتیزم رزگاری ببێت . وەک ئەوەی ئێمڕۆ هەیە رۆڵی مێژوویی دروستی خۆی لە مەیدانی خۆیدا ببینێ . سۆکسە لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەبوو . بەڵگەش ئەوەیە کاتێ بەبریارێکی بەرەی کوردستانی کە دەبوو هەموو ڕێکخراوە پێشمییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات یەکبگرن ، سۆکسە لە شانۆگەری یەکگرتنەوەی خوێندکاراندا 1988 بەشداری نەکرد . لەبەرئەوەی چەند مەرجێکی کوردانەیان هەبوو بۆیان نەسەلمێندرا ، ئەوانیش ئامادە نەبوون دەسبەرداری پرنسیپە هەرە بنەڕەتییەکانی بیروباوەڕەکەیان ببن . لەوانە [ کوردستان کۆلۆنییە ، زەمینەی هزری ئەو کۆمەڵەیەی پێک دێت دەبێ هێندە فراوان بێت جێی هەموو کوردێکی تێدا بێتەوە ، پێویستە ئاڵای کوردستان لە هەموو بۆنە و چالاکییەکانی کۆمەڵەدا بڵند بکرێتەوە و... .]

کاک ئازاد کە نوێنەری پاسۆک بوو لە سەرۆکایەتی باڵای بەرەدا بەر فشاری زۆری ئەو لایەنانە کەوتەوە ، کەچی هیچ زۆرێکی ئەوتۆی لە هاوبیرانی سۆکسە نەکرد بەشداری بکەن . هاوبیرانی سۆکسە بەتێکڕای دەنگ و لە کەش وهەوایەکی تەواو ئازادانەدا بە ئامادەبوونی خودی کاک ئازاد بڕیاری خۆ کشانەوەیان دا . ئەمە مێژوو و هەڵوێستەکانی سۆکسە و هاوبیرەکانێتی .

بەڵام بەرێزت کاتێ باسی خەبات لە هەندەران و پێداویستی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دەکەن بە تەکلیفێکی کاک < کەمال فوئاد > نۆکسەی تاقانەت هەڵوەشاندۆتەوە و کردە کۆچی قوربانی !! . ئەمەش دەلالەتی نابەرپرسیارێتی ومیزاجی نێرجسی و پرتەقاڵی خۆت دەنوێنێ ، نەک پێداویستی مێژوویی و وەڵامدانەوەی داخوازی سەردەم و سیاسەت و بیروباوەڕ ..!! . خۆ ئەمە نکۆڵی لێناکرێت !؟.

- مەسەلەی بردنەوەت بۆ کوردستان و لەناوبردنت .!!

دوای ئەوەی بیری نەتەوەیی لەسەر دەستی پاسۆکدا بووە خاوەنی پێشمەرگەی خۆیی و بنکە و جەماوەر و شەهید و هاوشانی لایەنەکانی دیکە . لەو هەلومەرجە هەرە ئاڵوز و سەختەی پاش هەرەسدا " نەک ئاشبەتاڵ وەک تۆ دەفەرموویت ! ئەی مامۆستای بیری کوردایەتی !! کورد خاوەن شۆڕش بووە نەک ئاش ! خوێنی پێشمەرگەی کورد ئاوی ئاش نەبووە...!! " .

ئەو کاتانە ، بەهەزار ناری عەلی و ئەمسەرەوسەر نانی شێوانی ئێوارەیەکی لە دوو ئێوارە بۆ پێشمەرگە پەیدا دەکرا و داگیرکەر بە هەموو شێوازێکی دڕندانە بەربووبووە گیانی کورد . شەڕی یەکترمان کرد و هەرچی خراپ بوو بە یەکترمان کرد و زیانی بێ ئامانمان بە کورد گەیاند . دیارە هیچ پێویست بە هەڵدانەوەی قەتماغەی ئەو برینانە ناکات . تەنانەت پاسۆک لەگەڵ یەکێتیدا لە یەکتریشیان کوشت . ئەمە کەس حاشای لێناکات وەلێ شەرم و شورەییە هەر کەس شانازی پێوە بکات .[ ئیدی کاک جەمال پێویست بە ماساوکردن و محامێتی خوڕایی ناکات بۆ یەکێتی بکەیت !!! ئەوان لە خۆت و ئێمە باشتر تۆ دەناسن و ئاگایان لێتە ] .

کاک جەمال کەشوهەوای ئازادی ئەوروپای قۆستبووەوە و هەوڵی دەدا سۆکسەش بۆ مەبەستە چەوت و چەوێڵەکانی خۆی بەکار بهێنێ و بە هەق و ناهەق هەر خەریکی پەلاماردانی لایەنە کوردییەکان و سەرکردەکانیان بوو ! . ئێستا ئەوە کاری ئێمە نییە ئەو مێژووە هەمووی تۆمار بکەینەوە ، چونکە هەموو لایەک ئەوە دەزانن .

تۆ کە هیچ کەس بە کورد و راست نازانی خۆت نەبیت . < مافی خۆشتە وا بیر بکەیتەوە > وەلێ تۆ بەدەستت بێت بوایە رێگە نادەیت ، کەس کوردایەتی بکات . تۆیەک بە یەکێکی وەک مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێ دەیەوێت کوردایەتییەکە لە ئێمە بدزێ . . ئیدی هەرکەسێ بەرەو کوردایەتیی رۆیشتبێت یان بڕوات لای تۆ دزە و دەکەوێتە دژایەتی یان کەوتوێتە دژایەتی کردنی .

بە بەڕێزت ووترا ئەوەی تۆ دەیکەیت راست نییە . نە خزمەتە نە کوردایەتییە وە نە سیاسەتیشە . بەڵام کاتێ تۆ هەر سووری لەسەر ئەم شتانە ، دەفەرموو ئەوە عەرز و ئەوە گەز ... وەرەوە کوردستان لە دۆڵێکدا ، لە ئەشکەوتێکدا ، لەهەر شوێنێ تۆ پێت خۆشە ئەمانە بڵێ و شتەکانت بنووسە ، ئێمەش پەیڕەوی لێبکەین . ئیتر هەتا بەسەر لاشەی هاوبیراندا تێنەپەڕن ، پەیمانی هاوبیرانە بێت هەموو ژیانت بپارێزین . پێت دەووترا کوردستان ئەوە نییە کەتۆ لێرەوە تەماشای دەکەیت و سیاسەت ئەوە نییە تۆ لە چوارچێوەی چوار دیوارەکەی ماڵی خۆتدا دەیکەیت وە بە ساتەلیتیش کوردستانی ئازاد دروست ناکرێت !!. ناویراو ئەمانەی بۆ هەرس نەئەبوو . پاش چەندین ساڵ هەوڵ و تەقەلا دەمی ئەو برینە تا دەهات فراوانتر دەبوو ئیدی گەیی و تەقی .

کاک جەمال بۆ خۆدزینەوە لەم داوا رەوایەی دەیان ساڵ پاسوک و هاوبیرانی نەتەوەیی پێی گرفتار بوون ، وە هەموو خەڵکێکی نەتەوەیی نەشارەزا لێی کە وەک " دەنگی دەهوڵ لە دوور خۆشە " ، هەر لە چاوەڕوانی زەردەشتەکەن !! وا هەڵدەبەستیت ، کە گوایە مەبەست لە بردنەوەی ئەو بۆ کوردستان بۆ ئەوەیە لەناوی بەرن . پاسۆک یان کاک ئازاد کێیان کوشتووە " جگە لە بەکرێگیراوان و داگیرکەران " تاوەکو تۆ بکوژن ؟ . ئەوە هەموو مێژووی سیاسی و چەکداری لە کوردستان لای هەموو لایەن و کەسێک ئاشکرایە . چ بەڵگەیەکت لەم رووەوە بەدەستەوە بۆچی بۆ خزمەتی ئەو مەبەستەی خۆت نایخەیتە روو ؟. دیارە ئەمە هەموو پاداشت و ئەمەکی کوردایەتی و هاوبیرێتییە بۆ بیروباوەڕ و مێژووی نەتەوە هەنجن هەنجنکراوەکەت . دە فەرموو ئەوە کوردستان بەهەر شێوەیەک بێت خاوەنی حکومەتە و کاک ئازاد چۆتە شوێنی بەهەقی خۆی و کاک د . مەحموودیش کاربەدەست نییە تێیدا و نرخی کرێی فڕینەکەشت لەسەر ئەو کەس و لایەنانەیە کە هەتا ئێستا زیاتر لە جارێک دەعوەتیان کردوویتەوە بۆ نافەرمووی بچیتەوە ؟! لە کوردستانی ئازاد سێ زانستگە هەیە و لە هەرسێکیشیاندا جێی بەتاڵ و پێویستی هەیە . ژیانت دابین دەکەن و دەستی حورمەتیشت بۆ دەگرن بە سنگەوە و کوردایەتییەکی بێ غەلوغەشیشە . یان بفەرموو لە کوردستانی ئازاد خەبات بکە بەو شێوەیەی دەتەوێت ! ئەری خۆ ئەوانیش بە تەمان لەناوت بەرن ؟؟؟؟!!!. وا کوژراشیت|| مەگەر خەبات لە پێناوی یەکگرتنەوەی کوردستان و سەربەخویی کورددا کوشتن و سێدارە و ماڵوێرانی تێ ناکەوێت ! یان خوێنی تۆ لە هی ئەو هەموو شەهیدانە پیرۆزترە !؟ . ئەی ئاڵای کورد چۆن هەڵ دەکرێت ؟؟!!.

راستی مەسەلەکە دیارە نهێنییەکی دیکەیە و بەئاشکرا دەڵێین کەوا ئەو بەڕێزە خاوەنی هیچ باوەڕ و قەناعەت و جورئەتێکی شۆڕشگێڕانە نییە لەناو میللەتەکەی خۆیدا بژی یان توانای ئەو ژیانەی نییە . کاک جەمال زۆر بێ هەست و بێ گیانە لەگەڵ ژان و ئازاری نەتەوەکەیدا . لە

بورجی عاجەوە تەماشـــــای ژیانی بندەستی کورد دەکات . تۆ بۆ کورد بە < کارایی ـ فعلی > هەلامەتێکت نەگرتووە وەلێ بۆ کۆمەنیستێتی زیندانی کراویت . بە قســـەی کابرای پۆلیس < تۆ کوردیت هەقت چییە بەسەر کۆمەنیستێتییەوە > وازت لێهێنا. کاتێ شۆڕشی کورد دەستی پێکرد و ئەوکاتە کــاژێک هێشـــــتا شیرەخۆرە بوو بەسەر هاوڕەکانتا بێ ماڵئاوایی بە جێت هێشت و هەلاتی بۆ ئەوروپا. هەموو شتێکت کردە قوربانی ژیان و مەرامەکانی خۆت . لەو ساتەوەختەوە هەتا ئێستا ناوێریت بە ئاشکرا باسی خەباتی خۆت بکەیت . هەر خەریکی مار بە دەستی وەزیرەکانت دەگری و لە ئەوروپاوە قســـە بۆ جەماوەر دەکەیت و لەسەر لووتکەی هەرەمی ئیمپراتۆرییەتی وەهم و خەیاڵ دانیشتوویت و دەتەوێ باڵە فڕە بکەیت . ئیدی بوویتە مەتەڵێک نە مانات هەیە و نە هەڵدێیت و نە خەڵکیش تێ دەگەینی چیت دەوێ ..

بەڵێ کەسێ تەحەمولی دووکەڵی جگەرەیەک نەکات وئامادە نەبێت گوێ بۆ قســـــــە و را و پێشنیاری کەسێ راگرێ ، چۆن دەتوانێ لە ئەشکەوتی تاریک و ساردا ، لە بن دارەبەنێکی رووتدا لە پاڵ تاشەبەردیکی رەق و تەقدا هاوسەنگەری هاوبیرێک، پێشمەرگەیەکی کوردستان بێت ! چۆن دەتوانێ بەربەرەکانی لەگەڵ ناپاڵم و فسفۆر و گازی ژاراوی و شالاوی راگوێزاندا بکات . کەســـێ لەگەڵ خودی خۆیشیدا ململانێی هەبێت و متمانەی بە کەس نەبێت و ژیان لەسەر وەهم و خەیاڵ بگوزەرێنێ و قسەوقسەلۆک هێنان و بردن سەرچاوەی هەواڵەکانی بێت . کەسێ ئەم ئەوروپا ئازادەشدا نەوێرێ بە ئارەزووی دڵی خۆی قسە بکات و هەتا هەنووکە بە چاوی پۆلیس و ســــــیخور بڕوانێتە داروبەرد ، کەسێ دەستەوسان بێ و لەناو خەڵکدا نەتوانێ هەڵبکات و هەتا ئێستا تەنها و تەنها لەگەڵ وەزیری دەستەراســــت و چەپیدا کاک ( جەواد مەلا و بروسکە ئیراهیم ) و کاک شێخ ئەحمەدی نەقیبیشدا !! دۆستایەتی بۆ چۆتە سەر . ئەم کاسەش بێ ژێر کاســـە نییە !!، گرووپی ئەشهەدوبیلا دەیانەوێ لە ژێر سێبەری جەمالەدیندا بە مەرامێکی تایبەتی بگەن و بژین و ناویان هەبێت !! مــاڵی کاک جەمال هەمووی هەر لە شوشەیە، سەیرە چۆن دەتوانێ ئەو هەموو بەردە فڕکێیە بە چواردەوری خۆیدا بکات .

دیارە گەر ئەو بانگاشەی شتی وا گەورە نەکات و هێندە شالاو نەباتە سەر خەڵکی . وا کەس تەکلیفی بەسەرییەوە نییە. تۆ بڵێی ئەو پیاوە وا تەمەنی هەژدیهایەکە دوور لە کوردستانی دایک دەژی، بوویێتە ( مرجع ) ی مەســــەلەی کورد و رۆژانە دەیان سکرتێر راپۆرتی بۆ ئامادە بکات و لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهانەوە لەسەر دۆزی کورد پەیوەندی پێوە بکەن ! بەشێک لە میدیای ئەڵمانیا سەرقاڵی چالاکییەکانی کاک جەمال بێت !. ئەو< محافل > وچالاکییە رەســـــــــمییانە کامانەن کە ناوبراو قسەکەر و نوێنەرایەتی کوردی تێدا کردبێت ! ووتارو نووسینەکانی بۆ گۆڤار و رۆژنامە بێگانەکان کوان !؟ لە چەند بەرنامە و کەناڵی TVدا بەشـــــداری کردووە کوا ئەو کادێرانەی لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتوون وە ... وە.... !!؟؟ دەی توخوا گەر ئەمانە نەکات ئەی چی بکات ؟؟!!. بەڵێ کـــــــە ئەمانەش نیت بۆ واز لەو خووە خراپە ناهێنی و ملی راستیەکان بە خواست و قازانجی خۆت وەک کابرای مەلا خواری دەکەیتەوە .

- کاک جەمال هێندە دڵڕەش و نابووتە بەرانبەر بە ناو و مێژوو و خەباتی پاســــۆک ، باری دەروونی بەو رادەیە گەیشـــــتووە توانجێکی بازاڕی زارۆکانەی سواو بڵێتەوە کە هی ناحەزە سیاسی و فکرییەکانی پاسۆک و بیری نەتەوەییە . گوایــە << هەموو ئەندامەکانی پاسۆک بە مەنجـەڵێ یاپراخ تێر دەخۆن >> . جارێ ئەوانەی بە هەزاران مەنجەڵ تێر ناخۆن چییان بۆکورد کرد !؟ ئـەوجا ئەوە نیشـانە و بەڵگەی هەرە بەهێزە لەوەدا کە چەند و چۆن و تا چ رادەیەک دژایەتی پاسۆکی ئالا و مەشخەڵ بەدەستی کوردایەتی کراوە !؟ وە هەروەها خەباتی پاســـــۆک لەو بارودۆخە سەخت و دژوارەدا نیشان دەدات کە چەند ئەستەم بووە !؟ . لەمانەش زیاتر هەموو کورد ئەو توانجەی بدایە ئەو نەدەبوو کاوێژی بکاتەوە ؟؟؟!!!.

تۆ نەک کاک ئازاد ، پاسۆک یان هیچ کوردیک ناتکوژێ ، تەنانەت گەر مەترسییەکی تەواوت لەسەر داگیرکەران هـەبوایە وا شەهادەتت پێش قاسـملۆ و شەرەفکەندی دەکەوتەوە یان وەک عیسمەت ش . وانلی و کێ و کێی تر بەر رێژنەی گوللـە دەدرایت ! لـــەم رووەوە تەواو بێخەم بە . تــــــۆ کوردستانت چۆڵ کردووە و بێخەبەریت لە ژیانی ئەو دەڤەرە . بێ کوشتن تۆ و هەموو ئەوانەی وەک تۆن خۆیان مردوون . تۆ چەند جارێ لەگەڵ نوێنەری ســــاواک دیدارت هەبووە و هەرجارەی چەند سەعاتێ ، کەچی وەک ئێمە دەزانین چیکڵدانەت هێندە بچووکە بۆ زۆر کاری خێر لە پێناوی بیروباوەڕەکەتدا ئامادە نەبوویت دیدار لەگەڵ زۆر لە براو هاوبیر و دۆستەکانتدا بکەیت .!

لەلایەکی دیکەشەوە شـــــا و ساواک وەک هەر داگیرکەرێک و دەزگا سیخوڕی‌داپڵۆسێنەرەکانیان بە چاوی دوژمن لە هەر کوردێکی بەشەرفیان ڕوانیوە و دەشڕوانن . ئیدی نازانین بۆ لای تۆ شا و ساواک لەیەک جیاوازن ! تۆ بڵیی شا و ڕوژنامەی خاک و خون دژی خەتـــی ساواک بووین !! .

- کاک ئـــازاد هەتا ئێستا سونبولی هەرە گەشاوە و مامۆستا و ڕابەری ڕاستەقینە و هەڵکەوتووی کوردایەتییە . خانە و پلەی شەهادەتێکی دڵســــــوزانە و پڕ لە ئازایەتی و لەخۆبووردوویی بەدەســـت هێناوە . ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵ و بەشێکی بنەماڵەکەی بەخشی بەحیزب و باوەڕەکەی . لە پێناوی کـــــورد دا زیندانی کراوە و ئەو هەموو میحنەت و مەترســـــییانەی شاخیشی دیوە و کێشاوە . هەرچی کردبێت بە نیازی خزمەت و سوود و قازانجی کورد و باوەڕەکەی بووە . هەردەمێ کەسێ لە پیناوی ئەم ڕێباز و مەسەلەیەدا وەک کاک ئازاد بستێ زیاتر ئەم چووە پێشەوە ، یان بچێتە پێشەوە ، وا شەرەفێکی گەورەتر بەدەست دێنێ .

- تـــــۆ لـــــە بەخیلیتە بەم ناو و خەبات و میژووە.بۆیە زۆر دوژمنانە و بێویژدانانە و بە هەق و ناهەق و دوور لە خزمەت هەر خەریکی پەلاماردانی ئەوشـــــەهیدەیت . ئەسپی خەیاڵت بۆ قەڵەمەکەی دەستت شلکردووە و بێ پرینگانەوە و بێ پەروا و بێویژدانانە دەستی لەسەر دادەگریت .کاک ئازاد ، ئـەو شەهیدە پیلاو دڕاوەگیرفان بەتاڵە بوو ، کە تەنانەت بردنەوەی تەرمەکەشی هەر بە کۆمەک و هاوکاری هاوبیران و دۆستان و کوردە بەشەرەفە ئاوارەکانی ســـوید " ئێستاش لیستەی ناوی ئەو بەڕێزانەمان لایە کە لەو ڕۆژەدا بەشداری ئەو ئەرکە شەرەفمەندانە کوردانەیان کرد " و کۆمەکی لایەنە سیاسییەکان بوو. برایانی یەکێتی نیشتمانی هەم لەناردنی بۆ ئەوروپا بەمەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییە کوشندەکەی هەر لە کوردستانەوە و ناو ئێران و هەتا بردنەوەی تەرمەکەی بە هەموو کوڵ و دڵێکەوە و زۆر مەردانە و کوردانە و بەئەمەکانە هاتنە پێشەوە کۆمەکیان کردین . بۆ هەتا هەتایە قەرزارباریان کردین . ئەوەش یەکێکە لە شـــــەرەفە هەرە هەرە مەزن و پیرۆزەکانی پاکێتی خەباتی کاک ئازاد و تاجی سەرودریشە بۆ حیزبەکەی کە ئەوەی کردوویەتی و هەیەتی هەر بە پشت و کۆمەکی جەماوەرەکەی بووە و دەبێت .

جەنابت پێت وایە کاک ئازاد نەماوە و باری حیزب و هاوبیرەکانی لەم قۆناغەدا بە دۆخێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت ، ئیـــــــدی دەتوانی بە ئارەزووی خۆت شـــــەلم کوێرم ڕاستییەکان بشێوێنی !!.

- ئەو ســـۆکسەیەی تۆ شین و شەپۆڕی خۆڕایی بۆ دەکەیت و نکولی لە ئەندامێتی دەکەیت ، لە ســـــــەدا 95 زیاتری ئەندامەکانی هاوبیری پاسۆک بوون و لەکوردستانەوە لەچوارچێوەی پاســـۆکدا سەرگەرمی کۆڕی خەباتی نەتەوایەتی بوون . ئەوانی دیکەشی بەخۆشی پاسۆکەوە لە سۆکسەدا دەستبەکاربوون تەنها یەکێ لە وەزیرەکانی تۆ نەبێت . تۆ خۆشت هەر بەشێک بوویت لە پاسۆک و سۆکسە ، دەنا ئەو هەموو باس و خواست و هێنان و بردنەت بۆ لەگەڵدا کــراوە ؟!. کێ بوو بەیانەکانی سۆکسەی بە زمانانی بێگانە دەنووسی ؟ کێ بوو نامەی نهێنی بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی سۆکسە دەنارد ؟ کێ بوو بەشدار و سەرپەرشتی کاری کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی سۆکسەی دەکرد ؟ کێ بوو ئەو هەموو نامە و زانیاری و هەواڵانەی لەگەڵ کاک ئـــازاد و سەرکردایەتی پاسۆکدا ئاڵوگۆڕ دەکرد ؟ .

- دەفەرموویت گوایە کـــاک ئـــــــــازاد مرخی لەوە خۆش کردووە بچێتە ناو کۆمیتەی ناوەندی یەکێتییەوە . هەمان کات پێچەوانەی ئەمە دەفەرموویت شیروتیری لە یەکێتی دەســـــــوو وە قسەی پێ ووتوون ؟ ئەم بوختانە بە دوو ئاراستەی جیاوازدا ڕەوت دەکەن و مەگەر هەر خۆت لێی حاڵی بیت و باوەڕ بە خۆت بکەیت !.

هەر کەسێ بە ووردی ئاگاداری ڕووداوە ســـیاسییەکانی کوردستان تا ناوەڕاستی 1985 بێت . ئەو بەزمو هەرایەی لا نامۆ نییە . بۆیە ئێمە لەم ڕووەوە هیچ ناڵیین . کاک جەمال پێویست ناکات تۆ ئەو برینانە بەمەســـتی < طرح > و ســــــنگ بردنە پێشەوە ڕەزای خوجوانکردن کە کەس وەک تو لەم ڕووەوە لیهاتوو و خاوەن ئەزموون نییە بکولێنیتەوە . تۆ تەنانەت لە باسە کولتووری و کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەکانیشـــدا

هەر خەریکی ئەو خەرەکە ڕستنانە بوویت و ماوەیەکیش لەهەولی ئەوەدا بوویت بە زمانانی بێگانە بۆ بێگانەکان باسی کەموکوڕییەکانی نێو هەناوی بزافی کوردایەتی بکەیت . بەڕێزت ئێستاش لانسەکەت خاوەنبۆتەوە .. دیمان و بەڵگەکانیش هەمووی ماون لەم چەند ساڵەی دواییدا کە وەتاق کەوتوویتەوە . تووشی هیستریای سیاسی بوویت و پاشەکشەو بادانەوەت لە بواری بیروباوەڕ و نووسین و هەڵوێست و کوردایەتیدا دەست دایە و لەسەر پەتی ( پ.پ.ک ، ی.ن.ک و پ.د.ک ) چەند بازبازێنت کرد. بەم سەر لێشێواوییەت هەموو رابردووی خۆت بە دەستی خۆت ناشت . خەتێکی راست و چەپت < × > هێنا بەسەر < ئەبەز > دا . هەتا واز لە سیاسەتی ئەو ماڵە باجێنییە نەهێنی هەر وەک کاک ئازادی رەحمەتی ساڵی 1986 بۆی نووسیت " سیاسەتمەدارێک کە یەکی کەوت گەورەترین و دوا خزمەتی بە گەلەکەی ، ئەوەیە دەست لە سیاسەت بکێشێتەوە "،. کە تۆ ئەو ئامۆژگارییە زێڕینەت بە دوژمانایەتی دەزانی ، وا خراپترت بەسەر دێت ، چونکە بەڕێزت لە سیاسەت و حیزب حیزبینە و ئەو شتانەدا زۆر زۆر< کلولی> و بۆ ئەو کارە دەست نادەیت . هەنووکە بۆ هەموو شت دەستی رەزامەندی بڵند دەکەیتەوە ولەگەڵ لایەکدا ئەوانەی باریان لەبارە و لەسەرەوەوەن خۆت دەسازێنی .

- پاسۆک لەگەڵ رسکانیدا بە بەرنامەی < بەرەی کوردستانی > یەوە هاتە مەیدانەوە . ئەمەش لەو ستراتیژەوە سەرچاوەی گرتبوو ، کە تەنها بەرەیەک دەتوانی جێ بەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە کارەساتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لەدوای خۆی بەجێی هێشتبوو . لەو هەلومەرجە سەختەدا کە بەرەی نیشتمانی پێک هات ، پاش چەند ساڵی ئەوجا پاسۆک بە رەسمی چووە ئەو بەرەیەوە . ئەو بەرەیە لە راستیدا لە هێزە کوردستانییەکان پێک هاتبوو ، تەنها ناوەکەی وابوو . تویەک ئەو ئامادەگی و باوەڕ و بەشدارییەی پاسۆکت لەو بەرنامەیەدا لا ئەنگ و جێی رەخنەیە وەک باست کردووە . دەبێت هەر شەڕی کوردکوژی و کوردستان کاولکاری و دڵخۆشکردنی داگیرکەرانت پێ خۆش بێت .
بەرەی کوردستانی لەو هەلومەرجەدا و هەتا هەنووکەش کاریگەرێتی ئەو دەستکەوتە پیرۆزە بە < تحفظ > ی پاسۆکەوە بەرانبەر بە هەندێ بەندی پرۆگرامەکە ، کەکاتی خۆی لە شێوەی بیرخەرەوەیەکدا پێشکەش بە سەرکردایەتی بەرە کرا ، خەونێکی گەورەی کورد و ئامانجێکی بەرزی کوردایەتی و ستراتیژێکی گەشی کاری پاسۆک بوو .

- چوونی شاندی پاسۆک بۆ لیبیا ئەوە بە بڕیارێکی سەرکردایەتی حیزب بوو . کاک کوردۆ و ئەو هاوبیرانەشی کە چوون ، پابەندی و دڵسوزی خۆیان بۆ حیزب و باوەڕەکەیان دووپاتکردۆتەوە و ئامادەی بەجێگەیاندنی هەر کارێک بوون بۆ کورد و پاسۆک . مەبەستیش لە چوونەکە لەسەر بنچینەی ئەو کۆمەڵە راگەیاندن و داکۆکییە بە ویژدان و بوێرانەی سەرکردەیەکی عەرەب بەڕێز ( معمر قەزافی ) بوو کە لە مەدرید و دوایش لە تەرابلووس بە بەرچاوی هەموو دنیاوە بە تایبەتی عەرەبییەوە لە ساڵی هەشتاکاندا رایگەیاند . لەم باس و خواستە پێمان وانییە کە خۆشتان ئاگادار نەبوو بن !. دەنا پاسۆک هیچ پێویستی بە کارێکی وا نەدەبوو . بەڵێ دوای ئەو هەڵوێستە جوامێرانە لە پێناوی پیرۆزبایی کردن لەو دەنگە دلێرە و قوڵکردنەوەی رەهەندی راستەقینەی دۆستایەتی کورد و عەرەب ئەو کارە کرا . تۆ دەبوایە بەر لەهەر کەس ئەم دەستەت بگوشییایە و بە سوودی دۆزی نەتەوەکەت راتکێشایە . مەگەر بزاڤەکەمان دۆستی گەرەک نییە ! بەڵام تۆ لەگەڵ هاوبیرەکانتدا نەچووی بە پیر ئەو کارەوە . هۆکەیشی ئەوە بوو دەترسایت لەلایەن حکومەتی ئاڵەمانییەوە بکەویتە بەر پرسیار و وەڵام < دیارە بە خەیاڵ و حساباتی خۆت ! >. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە تا چ رادەیەک ژیانی تایبەتی خۆت لا مەبستە . ئەو دەمە هانی هانی دەوڵەتی تیروریست لەسەر لیبیا لەلایەن ئەمەریکا و رۆژئاواوە هەبوو. هەموو وەڵامی تۆ بۆ هاوبیران ئەوە بوو" کاکە ئەمانە تیرۆریستن ! ". کەچی وا ئێستا دەبینین وەزیرەکەت پێی لە تەرابلووس نابڕێ و لە جیاتی توورەکەیەک چەند دانەیەکی کردووە بە ملیدا و کتێبەکەی تۆ جگە لە ستایش و بەیعەتی زیدەڕەوی هەقی ئەوەی بە پارە ئەوێ و لە ژێر ناوی چاپەمەنی < کوردنامە > دا چاپی دەکەیت وێنەی قەزافیشی تێدا بلاودەکەیتەوە . ئەمەیان بۆ تۆ رەوایە . بۆ حیزبیک و هاوبیرەکانت تاوانە و بوختانیان بۆ هەڵدەبەستی ! .

بەڵگەی راستیشمان بو ئەو بوچوونە گەش و واقیعبینانەی پاســـۆکی هەڵگری بیری راستەقینەی کوردایەتی لە کوردستاندا ، لەسەر پرس و بایەخ و دوستایەتی عەرەب ئەوەبوو کە تۆش کۆیلەت لە بیر و راکانی بۆ ناو کتێبەکانی خۆت راگویزاوە.!•

- نـــــاوهێنانی کاک فەرهاد شاکەلی دیسان ئەو حاڵەتی هیستریا و بەرچاوتەنگیە دوویات دەکاتەوە ، کە تۆ هەر دژ و دوژمنی کاک ئازاد و پاسۆک و هاوبیرەکانت نیت بەڵکو رقت لە هەموو ئەوانەشە کە دۆستی کوردایەتین و سەلاو و مەرحەبای پاسۆک و سۆکسە دەکەن .

کاک فەرهاد چەند سۆکسە بووە ، هێندەش پاسوک بووە . بەڵام وەک کەسایەتییەکی < ئەدەبی روناکبیری > ئەویش وەک دەیان کەسایەتی دیکەی میللەتەکەمان دۆســـتی کاک ئازاد و هاوبیران بوو. وە هەتا ئێستاش هەمان رێز و خۆشەویستی هەر بەردەوامە . ئەوجا خەڵکینە پاسۆک خۆی لە کوردستان و نزیک لە ئێران بوو ، وە کاک ئازاد و هاوبیران لەئێرانەوە هـــاتووچویان دەکرد . ئـیـــــدی هەموو ئاقڵیک و بەویژدانێک دەزانێ بۆ پاسۆک پێویست ناکات " گەر هەر شتێ هەبێ لەگەڵ ئیراندا ! " لە ئەوروپاوە خەڵک رەوانە بکات .

لەو سەردەمانەدا زۆر کەس بە تەمای ئەوە نەمابوون جاریکی دیکە چاویان بە خاک ونەتەوەوکەسوکاری خۆیان بکەوێتەوە . لـەو دەرەتانەی ئەو کاتەدا کە بەشێکی کوردستان هێشتا ئازاد بوو بە دەســت پێشمەرگەوە ، کاک فەرهاد وەک زۆر کەسی دیکە ، توانیبووی بچێتەوە بـە دیداری دارودەوەن و خاکی کوردستان و کەسوکاری لێقەوماوی و بەسەرکردنەوەی دۆستان چووە بۆ کوردستان . لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی پاســۆک و خودی کاک ئازاد لەگەڵ بنەماڵەی شاکەلیدا لەگەڵێ لای ترەوە پەلی هاویشتووە و لق وپۆپی هـەیــە . تەنانەت لەگەڵ بەرێز کاک شـــێخ محەمەدی شـاکەلی ئامۆزای کاک فەرهاد دا کە ئەندامی سـەرکردایەتی حیزبی سوسیالیستی کوردستان بوو ، وە دۆستیکی هێجگار نزیکی پاسۆک بوو . دەیان و سەدان کاروباریان پێکەوە ئەنجام داوە و پرۆژەی کاریان پێکەوە نەخشـــــە کێشاوە . نۆبەرەی ئەو کارانەش وەرگێرانی چیروکی < مەزرای ئاژەڵان > ی جۆرج وائیل بوو .

ـ ئەو نووسـینانەی کاک ئازاد کە لە گوڤاری ئازداری < مامۆستای کورد > دا بڵاوکراونەتەوە ، لە لایەن بنەماڵەی کاک ئازاد و بە ئاگاداری و رەزامەندی هـاوبیرانی حیزب و سۆکسە بووە . گرنگ بڵاوکردنەوەی ئەو بیرورایانە بوو . دیارە لەشوێنێکی شایستە و شیاودا کە لەو رۆژگارەدا بە هەموو قەنـاعەتێکەوە مامۆستای کورد سەرکەش و درەخشاوە بوو . لە لایەکی دیکەوە لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری < خوێنکاری کورد > و رۆژنامەی < هــاوبیر> چەندین ووتار و بابەتی بڵاونەکراوەی کاک ئازادمان بڵاوکردوتەوە . وە ئێستاش زۆری دیکەمان وا لەبەر دەستدا .

بەڵی کاک ئازاد متمانەی سەد دەر سەدی بە هاوبیرەکانی هەبوو . خۆ گەر متمانـەی پێمان نەبوایە یان گرفتاری ئەو دەردە کوشندەیە بوایە وا نە نانی لەگەڵ دەخواردین و نە هاوسەنگەرمان دەبوو لەو شاخ و داخەدا و بێخەم لێی دەخەوت . وە کاتێ دەچووە بۆ سـەردانی هاوبیرەکانی بە تەرموزە چای خۆیەوە دەچوو !! . نەبا..............!!!!!

بـۆ ئێمـە.... ویژدان و راستی پێوەری هەر گوفتار و رەفتارێکە...گەر کاک جەمال هـــەر خەریکی بوختان هەڵبەستن بە ناوی گێرانەوەی چیرۆکی خۆشەوە بێت و کوڵ لەو حەنەحەبەشێ بێ سوودە نەدا....کە هەر خۆی تێیدا زەرەرمەندە و چەندجاری و لەبەر خاتری ریشە سپییەکەی پێی ووتراوە دەستبەرداری ئەو جۆرەکارانە بێت . تا نەبێتە بەشیر موشیری سەردەم . ئەو شێوازە لـــــە هیچ روویەکی رەوشت و کوردانەوە خزمەت ناکات ، وا ئێمــــــەش نـاچار ئەبین هی بەتام و بەلەزەتتر بگێرینەوە .

بۆیە خۆزگەمانە کاک جەمال خەریکی بوارەکانی مێژوو و زمانەوانی و میتولوژیـــا و وەرگێران و دەرکردنی فەرهەنگەکــــــەی بێت کە ساڵەهای ساڵە کوردە ئاوارەکان و کتێبخانەی ژیکەڵەی کوردی بە تەما کردوود .

رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا
سۆکسە ـ لقی سوید

سەرماوەرزی 2613 دیسەمبەری 2001